# التنظيم القانوني للجنة المصالحة الأسرية في ضوء القانون الداخلي والدولي (دراسة تحليلية)

د. اوميد سفري حسن
قسم القانون، فاكلتي القانون، العلوم السياسة والادارة، جامعة سوران، إقليم كوردستان – العراق
omed.hassan@soran.edu.iq

**الكلمات المفتاحية**: الأسرة، لجنة المصالحة، التنظيم القانوني، القانون الدولي، القانون المحلي.

**كيفية اقتباس البحث**

حسن , اوميد سفري , التنظيم القانوني للجنة المصالحة الأسرية في ضوء القانون الداخلي والدولي (دراسة تحليلية),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٥

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

# The legal organization of the Family Reconciliation Committee in light of local and international law( Analytical study)

Dr. Omed Safary Hasan
Department of Law, Faculty of Law, Political Sciences and Management, Soran University, Kurdistan region - Iraq
omed.hassan@soran.edu.iq

**Keywords** : family, reconciliation committee, legal organization, international law, domestic law.

**How To Cite This Article**
Hasan , Omed Safary , The legal organization of the Family Reconciliation Committee in light of local and international law )Analytical study( ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

The reconciliation committees established under Law No. 8 of 2011 on Combating Domestic Violence in the Kurdistan Region played an effective role in resolving family disputes, with the aim of settling these disputes and guiding the parties to the conflict .

The problem of this study lies in the absence of legal regulation of the work methods of reconciliation committees, while international standards and countries' experiences indicate the necessity of having legal regulation or rules that regulate their work methods and procedures. This study aims to present international standards for the work of reconciliation committees, the principles of their work in other countries, and to propose rules to regulate their work. In this study, we used the analytical approach and divided it into two sections, each of which deals with two topics.

At the conclusion of the study, we present a number of conclusions and recommendations, the most important of which is the proposed system for the work of the reconciliation committee.

To achieve the objectives of this study, we will use analytical methods to analyze domestic and international law, which focus on the issue of reconciliation and reconciliation committees.

To present the topics of this study and answer the questions and achieve our objectives, we have divided the study into two discussions and each discussion is divided into two topics At the end of our study, we present the most important conclusions and recommendations in several points.

الملخص

مع التغيرات المتسارعة التي يشهدها المجتمع في جميع جوانب الحياة، تتزايد المشاكل الأسرية يومًا بعد يوم دون تمييز بين فئات المجتمع، مما يزيد من المخاطر طويلة الأمد التي تهدد المجتمع. إن تعزيز التسامح والمصالحة يحمي أساس المجتمع، ألا وهو الأسرة. والهدف الرئيسي للجان المصالحة هو حل المشاكل الأسرية لحماية الأسرة، والحفاظ على الروابط الأسرية بين الأطراف، وتخفيف العبء عن المحاكم، وتسريع عملية حل النزاعات. لعبت لجان المصالحة المنشأة بموجب قانون مكافحة العنف الأسري رقم 8 لسنة 2011 في إقليم كردستان دورا فعالا في حل النزاعات الأسرية، وذلك بهدف تسوية هذه النزاعات وتوجيه أطراف النزاع.

تكمن مشكلة هذه الدراسة في غياب تنظيم قانوني لأساليب عمل لجان المصالحة، في حين تشير المعايير الدولية وتجارب الدول إلى ضرورة وجود تنظيم قانوني أو قواعد تنظم أساليب عملها وإجراءاتها. تهدف هذه الدراسة إلى عرض المعايير الدولية لعمل لجان المصالحة، ومبادئ عملها في دول أخرى، واقتراح قواعد لتنظيم عملها. استخدمنا في هذه الدراسة المنهج التحليلي، وقسمناها إلى مبحثين، كل مبحث منهما يتناول موضوعين.

وفي ختام الدراسة، نقدم عددا من الاستنتاجات والتوصيات و من أهمها نظام المقترحة لعمل لجنة المصالحة.لتحقيق أهداف هذه الدراسة، سنستخدم أساليب تحليلية لدراسة القانون المحلي والدولي، مع التركيز على قضية المصالحة ولجان المصالحة.ولعرض موضوعات هذا البحث، والإجابة على الأسئلة، وتحقيق أهدافنا، قمنا بتقسيم البحث إلى جزأين، ينقسم كل جزء منهما إلى موضوعين: يتناول الجزء الأول مفهوم لجنة المصالحة، بينما يناقش الجزء الثاني أهمية القانون الدولي لهذه اللجنة.

# ڕێکخستنی یاسایی لێژنەی ئاشتەوایی خێزان لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا (توێژینەوەیەکی شیکارییە)

د. ئومێد سەفەری حەسەن

بەشی یاسا، فاکەڵتی یاسا و زانستە سیاسیەکان و بەڕێوبردن، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان . عێراق

omed.hassan@soran.edu.iq

## پوختە

لێژنەکانی ئاشتەوایی کە بە پێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١) لە هەرێمی کوردستان دامەزراون ڕۆڵی کاریگەریان گێڕاوە لە چارەسەرکردنی ناکۆکییە خێزانییەکان بە ئامانجی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و ڕێنیشاندان و ڕێنمایی کردنی لایەنە ناکۆکەکان.

کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ڕێکخستنێکی یاسایی بۆ شێوازی کارکردنی لێژنەکانی ئاشتەوایی نیە و ئەمە لە کاتێکدایە کە پێوەری نێودەوڵەتی و ئەزموونی وولاتان پێمان دەڵێن پێویستە ڕێکخستنێکی یاسایی یاخود پەیرەوێک هەبێت بۆ شێواز و ڕێکاری کارکردنیان.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕووی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی کارکردنی لێژنەکانی ئاشتەوایی و بنەماکانی کارکردنی ئەم لێژنانە لە وولاتانی تر و پێشنیارکردنی پەیرەوێک بۆ کارکردنی ئەم لێژنانە.

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاریمان بەکارهێناوە و توێژینەوەکەمان دابەش کردووە بۆ دوو باس و هەر باسێکمان دابەش کردووە بۆ دوو تەوەر و لە کۆتایی توێژینەوەکەشماندا کۆمەڵێک دەرەنجام و پێشنیاری پێویست خراونتەڕوو کە گرینگترینیان پێشنیاری پەیرەوێکە بۆ کاری لێژنەی ئاشتەوایی. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە سوود لە میتۆدی شیکاری وەردەگرین بۆ شیکردنەوەی یاسای نێوخۆیی و نێودەوڵەتی، کە گرینگیانداوە بە بابەتی ئاشتەوایی و لێژنەی ئاشتەوایی.

بۆ خستنەڕووی بابەتەکانی ئەم توێژینەوەیە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و گەیشتن بە ئامانجەکانمان، توێژینەوەکەمان دابەش کردووە بۆ دوو باس و هەر باسێک دابەش کراوە بۆ دوو تەوەر، باسی یەکەم تەرخان دەکەین بۆ خستنەڕووی بابەتی چەمکی لێژنەی ئاشتەوایی و باسی دووەم گەنگەشەی ئاستی گرینگی پێدانی یاسای نێودەوڵەتی بە لێژنەی ئاشتەوایی دەکەین و هەروەها نمونەی وولاتیش دەخەینەڕوو سەبارەت بە ڕێکخستنی یاسایی بۆ کارەکانی ئەم لێژنەیە و لە کۆتایی توێژینەوەکەمان گرینگترین دەرەنجام و پێشنیارەکان بە چەند خاڵێک دەخەینەڕوو.

__ووشە کلیلیەکان__ : خێزان، لێژنەی ئاشتەوایی، ڕێکخستنی یاسایی، یاسای نێودەوڵەتی، یاسای نێوخۆیی.

## پێشەکی

لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی کۆمەڵگە لەهەموو لایەنەکانی ژیانەوە دەبینین کێشە خێزانییەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە زیادبووندان بە بێ جیاوازی لە نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگە کە ئەمەش مەترسییە درێژمەوداکان لەسەر کۆمەڵگە زیاتر دەکات کە پێویستی بە چارەسەرێکە کە تیایدا خێزان و خزمایەتی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە پارێزراو بێت، بە پێی بنەما ئایینی و ئەخلاق و کلتورییەکان لێبووردەیی و ئاشتەوایی یەکێکە لە ئاکار و ڕەوشتە بەرزەکانی مرۆڤ و پەرەپێدانی لێبووردەیی و ئاشتەوایی دەبێتە هۆی پاراستنی بنچینەی کۆمەڵگە کە خێزانە و ئامانجی سەرەکی لێژنەکانی ئاشتەوایی چارەسەرکردنی کێشە خێزانییەکانە بە ئامانجی پاراستنی خێزان و بەردەوامیدان بە پەیوەندی خزمایەتی لە نێوان لایەنەکانی کێشەکە و کەمکردنەوەی بارگرانی سەر دادگاکان و خێراکردنی چارەسەرکردنی کێشەکانە.

### یەکەم : گرینگی توێژینەوە :

لێژنەکانی ئاشتەوایی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان کاریگەری و ئەنجامی ئەرێنی هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر ئەوەی کە ئەم لێژنانە ئەرکیان بەردەوام و زۆرن، پێویست بەوە دەکات کە شێوازی کارکردنی ئەم لێژنانە زیاتر ڕێکخستنی یاسایی بۆ بکرێت بۆ ئەوەی لەسەر یەک ڕێچکەی هاوبەشی سەرتاسەری کارەکانیان بەڕێوەببەن، لەبەر ئەوەی کاری ئەم لێژنانە هەستیارە و ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ژیانی تایبەتی کەسەکانەوە، جا گرینگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا بەدیاردەکەوێت کە بوونی ڕێکخستنێکی یاسایی بۆ کارەکانیان گەرەنتی بەردەوامی کاریگەری ئەم لێژنانە دەکات و متمانەی زیاتری خەڵک بەم لێژنانە بەرزتر دەکاتەوە لەنێو کۆمەڵگەدا.

### دووەم : کێشەی توێژینەوە :

لێژنەی ئاشتەوایی پاڵپشت بە یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١) دامەزرێندراوە، بەڵام دەبینین ڕێکخستنێکی یاسایی وودی بۆ نەکراوە، جا کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە لێژنەکانی ئاشتەوایی پێویستیان بە ڕێکخستنێکی یاسایی ووردتر و ئامانجدارتر هەیە بۆ شێوازی کارکردن و بینینی کەیسەکان بۆ بەدەست هێنانی ئەنجامێکی باشتر و ئەمەش لەڕێگەی لەبەرچاوگرتنی پێوەر و بنەما و پرەنسیپەکانی دادپەروەری نێوخۆیی و پێوەر و بنەما و پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکانی کارکردنی لێژنەکانی ئاشتەوایی و نمونەی ئەو وڵاتانەی کە ڕێکخستنی یاسایی ووردیان بۆ ئەم لێژنەیە کردووە بە پێی سیستەمی یاسایی خۆیان.

### سێیەم : ئامانجەکانی توێژینەوە :

ئامانجەکانی توێژینەوەکەمان بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

- دیاریکردنی ئەرکی و تایبەتمەندی لێژنەی ئاشتەوایی.
- خستنەڕوو و هەڵسەنگاندنی یاسای نێوخۆیی و نێودەوڵەتی بە لێژنەی ئاشتەوایی.
- خستنەڕووی نمونەی وڵاتان و شێوازی لێژنەی ئاشتەوایی لەو وڵاتانە.
- بەرەوپێش بردنی شێواز و بنەماکانی کارکردنی ئەم لێژنەیە.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**چوارەم : میتۆدی توێژینەوە :**

بـۆ گەیشـتن بە ئامانجەکانی ئەم تـوێژینەوەیە سـوود لە میتـۆدی شـیکاری وەردەگـرین بـۆ شـیکردنەوەی یاسـای نێوخـۆیی و نێـودەوڵەتی، کە گرینگیانداوە بە بابەتی ئاشـتەوایی و لـێژنەی ئاشتەوایی.

**پێنجەم : چوارچێوەی توێژینەوە :**

لە چوارچێـوەی ئەم تـوێژینەوەیەدا تیشـک دەخەیـنە سـەر یاسـا نێوخۆییەکان لە عـێراق و هەرێمی کوردستان و یاسای نێودەوڵەتی سەبارەت بە شێوازی کارکردنی لێژنەی ئاشتەوایی خێزان و نمـــونەی هەنـــدێ وولاتـــیش دەخەیـــنەبەر بـــاس و ئەو ئاشـــتەواییەی کە مەبەســـتی توێژینەوەکەمانە لە چوارچێوەی یاساکانی تاوانکاری و شارستانیە.

**شەشەم : پرسیارەکانی توێژینەوە :**

- ئایا لێژنەکانی ئاشتەوایی چۆن کار دەکەن ؟
- ئایا رێکخستنی یاسایی بۆ کاری ئەم لێژنانە هەیە ؟
- ئایا لە وولاتانی تر هاوشێوەی ئەم لێژنەیە هەیە ؟
- ئایا یاسای نێودەوڵەتی گرینگی بەم بابەتە داوە ؟

**حەفتەم : پلانی توێژینەوە :**

بـۆ خسـتنەڕووی بابەتەکانی ئەم تـوێژینەوەیە و وەڵامـدانەوەی پرسـیارەکان و گەیشـتن بە ئامانجەکانمان، توێژینەوەکەمان دابەش کردووە بۆ دوو باس و هەر باسێک دابەش کراوە بۆ دوو تەوەر، باسی یەکەم تەرخان دەکەین بۆ خستنەڕووی بابەتی چەمکی لێژنەی ئاشتەوایی و باسی دووەم گەنگەشەی ئاستی گرینگی پێدانی یاسای نێودەوڵەتی بە لێژنەی ئاشتەوایی دەکەین و هەروەها نمونەی وولاتیش دەخەینەڕوو سەبارەت بە رێکخستنی یاسایی بۆ کارەکانی ئەم لێژنەیە و لە کۆتایی توێژینەوەکەمان گرینگترین دەرەنجام و پێشنیارەکان بە چەند خاڵێک دەخەینەڕوو.

## باسی یەکەم

## چەمکی لێژنەی ئاشتەوایی

لێژنەی ئاشتەوایی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، ئامانجی ئاشتەواییە لەو کەیسانەی کە دێتە بەردەمی، لێرەدا پێویستە روونی بکەینەوە کە لێژنەی ئاشتەوایی چیە لەسەر ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی و ئەو کەیسانە چین کە ئەم لێژنەیە دەتوانێت ببینێت و پێکهاتەی ئەندامانی ئەم لێژنەیە چۆنە و چۆن کارەکانی ئەنجام دەدات. جا بۆیێ لەم باسەدا تیشک دەخەینەسەر چەمکی لێژنەی ئاشتەوایی، لە دوو تەوەری جیاوازدا کە لە تەوەری یەکەمدا ئەم لێژنەیە دەناسێنین و لە تەوەری دووەمیشدا باس لە ئەرک و پێکهاتە و تایبەتمەندی ئەم لێژنەیە دەکەین.

### تەوەری یەکەم

### ناساندنی لێژنەی ئاشتەوایی

سەبارەت بە ئاشتەوایی خوای گەورە لە سورەتی نساء، ئایەتی (٣٥) دەفەرموویت :( وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُوا حَكَمًا مِّنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِّنْ أَهْلِهَا ) واتە (ئەگەر هەستتان کرد بە ناخۆشی و ناکۆکیەک لە نێوان ژن و مێردێک پێش ئەوەی ناکۆکییەکە تەواو پەرەبسێنێ و توند بێت و بگاتە رادەی تەڵاق ئێوە دوو کەس بکەنە حەکەم با یەکێکیان لەو دوو حەکەمە لە کەسووکاری ژنەکە بێت و ئەوی تریشیان لە کەسوکاری مێردەکە بێت تاوەکو ئەو حەکەمانە بکەونە نێوان ژن و مێردە ناکۆکەکە و بزانن هۆی ناکۆکیەکەیان چیە و هەوڵبدەن بۆ لابردنی ئینجا ئامۆژگاری دڵسۆزانەی هەردوولایان بکەن)[(١)] هەروەها خوای گەورە لە سورەتی حجرات، ئایەتی (١٠) دەفەرموویت :(إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ) واتە : ( ئەی ئیمانداران چاک بزانن کە تەنها ئیمانداران برای یەکترین، جا لە هەر کات و زەمانێکدا بن، یان لە هەر وڵات و سەرزەمینێکدا بن، هەر برای ڕاستەقینەی یەکترین و نابێت ناکۆکی لە نێوانیاندا ڕووبدات و ئەگەر نارەحەتی و ناکۆکی لە نێوان دوو لایەندا ڕوویدا، پێویستە خێرا بکەونە نێوانیان و لەگەڵ یەکدا ئاشتیان بکەنەوە)[(٢)] و ئەم دوو ئایەتە پیرۆزە، گرینگی و بایەخی ئاشتبوونەوە و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان بە نێوەندگیر لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەردەخات.

ئەرک و کاری لێژنەی ئاشتەوایی دەکەوێتە چوارچێوەی دادپەروەری چاکسازی یاخود دادپەروەری ئاشتەوایی، چونکە ئامانجی کۆتایی هێنانە بە ناکۆکییەکی نێوان لایەنەکان بە ڕەزامەندی.

دادپەروەری چاکسازی لە وڵاتانی ئەنگلۆسەکسۆندا سەریهەڵداوە کە پشت بە یاسای نەریتی دەبەستێت و یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە کە زیاتر نەرمی تێدایە و شکلیاتی تێدا نیە، و پشت بە بەکارهێنانی پراکتیزە نەریتییەکان دەبەستێت لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، بە پێچەوانەی وڵاتانی دیکە کە پشت بە یاسای نووسراوی دانراو دەبەستن. لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بە فەرمی دادپەروەری چاکسازی لە دەیەمین کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێگریکردن لە تاوان و دادپەروەری تاوانکاری سەریهەڵدا، کە لە ڤییەنا بەڕێوەچوو لە ساڵی (٢٠٠٠) و لە ڕاگەیەندراوەکەیدا کە بە ڕاگەیەندراوی ڤییەنا ناسراوە، جەختکرایەوە لەسەر ئاشتەوایی و پێشخستنی بەشداریکردنی بەرنامەکانی دادپەروەری چاکسازی و ئاشتەوایی و ساڵی

(٢٠٠٢) وەک ساڵی ئامانج بۆ پێداچوونەوە بە بەرنامە نیشتمانییەکان دیاریکرا. لە پێناسەی ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان(ECOSOC) بۆ دادپەروەری چاکسازی هاتووە : دادپەروەری چاکسازی هەر پرۆسەیەکە کە تێیدا هەردوولایەنی قوربانی و تاوانبار، یان هەر کەسێک یان گروپێک کە زیانمەندی تاوانەکەیان لەسەرە، چالاکانە بەشداری بکەن لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ هەموو پرسەکانی پەیوەست بە تاوان[٣].

زانای تاواناس (Howard Zehr)[٤] کە یەکێکە لە یەکەمین کەسەکان کە پێناسەی دادپەروەری چاکسازی کردووە دەڵێت :( دادپەوەری چاکسازی بریتیە لە پرۆسەیەک کە ئەو کەسانە تییدا بەشدار دەبن کە بەرژەوەندی لە تاوانێک هەیە و پێویستی هاوبەشیان هەیە و ئەرکی دیاریکراویان هەیە و ئەمەش لە پێناو گەرەنتی مافەکانی هەموو لایەنەکان)[٥].

لەسەر ئاستی نێوخۆیی، لە دەستووری هەمیشەیی عێراقی (٢٠٠٥)دا لە هیچ ماددەیەکدا باس لە ئاشتەوایی نەکراوە بەو مانایەی کە ئێمە لەو توێژینەوەیە مەبەستمانە، تەنها لە پێشەکیەکەیدا باس لە ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات کراوە و لە ماددەی (٨)یدا کە پەیوەستە بە پەیوەندی هاوسێیەتی لە گەڵ دەوڵەتاندا، هاتووە کە عێراق پێویستە هەوڵبدات کێشەکان لەگەڵ دەوڵەتان بە ڕێگە ئاشتیانەکان چارەسەر بکات[٦].

یاسادانەری سزایی (جنائی) هیچ پێناسەیەکی بۆ دادپەروەری چاکسازی نەکردووە و ئەمەی بۆ یاساناسان جێ هێشتووە، بۆیێ بەشێک لە یاساناسان بەم شێوەیە پێناسەی دەکەن : ( بریتیە لە ڕێگەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگەی دۆستانە )، جا بۆیێ دەتوانین بڵێن سیستەمێکە بە ڕەزامەندی لایەنەکان[٧].

بەو پێیەی کە ئاشتەوایی تاوانکاری ئامرازێکی کاریگەرە لە ئامرازەکانی دادپەروەری چاکسازی[٨] و یاسادانەری عێراق هیچ پێناسەیەکی بۆ ئاشتەوایی تاوانکاری نەکردووە، نە لە یاسای سزاکانی بەغدادی و نە لە یاسای سزاکانی عێراق ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)[٩]. دەکرێ بەم شێوەیە پێناسەی ئاشتەوایی تاوانکاری بکرێ :( بریتیە لە ڕێککەوتنی تاوانلێکراو یان نوێنەرە یاساییەکەی لەگەڵ تۆمەتبار کە لێکەوتەکەی کۆتایی هاتنی داوای تاوانکارییە و دەکرێت ئەمە بە بەرامبەر بێت یان بێ بەرامبەر بێت)[١٠]. و هەروەها ئاشتەوایی تاوانکاری بە یەکێک لە ئامرازە جێگرەوەکانی داوای تاوانکاری دادەنرێت و دەگونجێت لەگەڵ سیاسەتی سزایی نوێ کە چەندین تایبەتمەندی و لایەنی باشی هەیە وەک کەم کردنەوەی کاردانەوە کۆمەڵایەتییەکانی تاوان وکەم کردنەوەی بارگرانی لەسەر دادگاکان و خێراترکردنی چارەسەرکردنی داواکان[١١].

سەبارەت بە ئاشتەوایی شارستانی، ماددەی (١٥٣١) لە گۆڤاری ئەحکامی دادپەروەری[١٢] بەم شێوەیە پێناسە کراوە :( ئاشتەوایی بریتییە لە گرێبەستێک کە ناکۆکییەک چارەسەر دەکات بە ڕەزامەندی و دەبەسترێت بە ئیجاب و قبوڵ )[١٣] و ماددەی (٦٩٨)ی یاسای شارستانی عێراقی ژمارە (٤٠)ی ساڵی (١٩٥١) باس لە ئاشتەوایی دەکات : (ئاشتەوایی بریتییە لە گرێبەستێک کە ناکۆکییەک چارەسەر دەکات و بە ڕەزامەندی هەردوولا کۆتایی بە ناکۆکییەکە دەهێنێت.)[١٤].

یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١) لە هەرێمی کوردستان هیچ پێناسەیەکی بۆ ئەم لێژنەیە نەکردووە، بەڵام لە ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری بەشی سەنتەرەکانی ڕاوێژکاری خێزانی لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٨) لە ماددەی (١) بڕگەی (٧)یدا، بەم شێوەیە پێناسەی

لێژنەی ئاشتیەوایی کراوە :( لێژنەی ئاشتەوایی: ئەو لێژنەیەیە کە لە بەشی سەنتەرەکانی ڕاوێژکاری خێزانی پیك دەهێنرێن بە مەبەستی کارکردن بۆ ئەنجامدانی ئاشتەوایی لە نێوان ئەو لایەنانەی بەپێی ماددەی (٥) لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١) لە لایەن دادگاکان ئاراستەیان دەکرێت.)[١٥].

سەبارەت بەو ئەندامانەی کە لەم لێژنەیەدا کاردەکەن کە وەک شارەزا ناویان هێنراوە، لە ڕێنماییەکەدا لە ماددەی (١) بڕگەی (٥) بەم شێوەیە پێناسەیان بۆ کراوە :( شارەزا ئەو کەسەیە کە پسپۆرە لە بواری ( یاسایی یان دەروونناسی یان کۆمەڵناسی ) و هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس و شارەزایی لەبواری خۆیدا هەیە و کارکردنی بۆ ماوەیەک لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت.)[١٦] لەم پێناسەیەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە سەرەڕای گرینگی و کاریگەری زانایان و مامۆستایانی ئایینی و پێویستی بوونیان لەم لێژنانەدا، بەڵام دەبینین لێرەدا وەک ئەندام یاخود بڵێن شارەزا ناویان نەهاتووە کە ئەمە وەک کەموکورییەکی ئەم لێژنەیە دەبینین.

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی کە لە عێراق هیچ یاسایەکی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوی توندوتیژی خێزانی نیە و تەنها پرۆژە یاسایەک لە ساڵی (٢٠١٩) پێشکەشی پەرلەمان کراوە ئەویشیان هیچ پێناسەیەکی تێدا نیە بۆ لێژنەی ئاشیەوایی و تەنانەت لەم پرۆژەیەدا لە هیچ ماددەیەکدا باس لە پێکهێنان و دامەزراندنی لێژنەی ئاشتەوایی ناکات.[١٧] و لە ئێستادا یاسای سزاکانی عێراق ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو کاری پێدەکرێت و یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو کاری پێ دەکرێت کە هیچ یەکێکیان پێناسەی لێژنەی ئاشتەوایی ناکەن، تەنها لە ماددەی (١٩٤ - ١٩٨) تایبەتن بە ئاشتەوایی.

بە پشت بەستن بەوەی لەسەرەوە خستمانەڕوو، دەبینین ئەگەرچی پێناسەیەکی ڕوون و گشتگیر لە یاسا و ڕێنماییەکانی تایبەت بە توندوتیژی خێزان و لێژنەی ئاشتەوایی و یاسا پەیوەندیدارەکاندا نەهاتووە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی بە ئامانجی ئەم لێژنەیە دەتوانین ئەم پێناسەیە پێشنیار بکەین بۆ ئەم لێژنەیە :( لێژنەیەکە پێک دێت لە کەسانی پسپۆری یاسایی، ئاییی، دەروونی و کۆمەڵناسی بە ئامانجی هێنانەدی ئاشتەوایی لە نێوان لایەنەکانی کەیسەکانی توندوتیژی خێزانی، بە ئامانجی پاراستنی خێزان و خزمایەتی ).

تەوەری دووەم

پێکهاتە و ئەرکی و تایبەتمەندی لێژنەی ئاشتەوایی

لێژنەی ئاشتەوایی سەربە سەنتەری ڕاوێژکاری خێزانی – هۆبەی ئاشتەوایی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانە کە جگە لە سەنتەری پارێزگاکان لە ئیدارە سەربەخۆکانیش هەن و لە ساڵی (٢٠١٨) وە دامەزرێندراون[١٨].

بە پێی ماددەی (٥) لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١) ئەم لێژنەیە پێک دێت لە کەسانی پسپۆر و لەم ماددەیەدا هاتووە :( پێویستە لەسەر دادگا لایەنەکانی شکایەت ڕەوانەی لیژنەیەك بکات کە لە شارەزا و پسپۆران پێك دەهێنرێ بۆ چاکردنەوەی نێوانیان پێش ئەوەی کێشەکە ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند لەو کێشانە بکرێت کە ئەشێ ئاشتەواییان تێدا بکرێت، بەمەرجێ کار لە ڕێکارەکانی پاراستن نەکات کە لەم یاسایەدا هاتووە. )[١٩].

هەروەها لە ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری بەشی سەنتەرەکانی ڕاوێژکاری خێزانی لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٨) لە ماددەی (٣) برگەی (دووەم/٢) کە تایبەتە بە هۆبەی لێژنەی ئاشتەوایی هاتووە: ( لێژنەیەک یان زیاتر پێک دەهێنرێت لە (٣) شارەزا لە بواری ( یاسایی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، کاری کۆمەڵایەتی ) کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بن و باشتر وایە لە مامۆستایانی زانکۆ بن.) و لە ماددەی هەشتەمیدا هاتووە: ( دەبێت ئەندامانی لێژنەکانی ئاشتەوایی ناسنامەی شارەزایان هەبێت کە بە پێی یاسا و ڕێنماییەکان لە سەرۆکایەتی دادگاکانی تێهەڵچوونەوەی ناوچەی تایبەتمەند دەردەچێت.)[٢٠]. کەواتە پێویستە ئەندامانی لێژنەی ئاشتەوایی کەسانی پسپۆر بن و ئەتوانین بڵێین یەکێک لە کەموکوڕیەکانی ماددەی (٣) برگەی (دووەم/٢) لەم ڕێنماییە ئەوەیە کە سەرەڕای کاریگەری و پێویستی بوونی ئەندامێکی پسپۆری ئاینی، بەڵام ئەم ماددەیە ئاماژەی بە پێویستی بوونی ئەندامێکی پسپۆری ئاینی نەکردووە.

سەبارەت بە ئەرکی ئەم لێژنەیە بە پێی ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری بەشی سەنتەرەکانی ڕاوێژکاری خێزانی لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٨) لە ماددەی (١) برگەی (٧)ەم هەوڵدانە بۆ هێنانەدی ئاشتبوونەوە لە نێوان لایەنەکانی داوایەکە و لێخۆشبوون لە یەکتری. هەروەها لە ماددەی (٢) برگەی (٢)ەمی ڕێنماییەکە ئەرکی هۆبەی لێژنەی ئاشتەوایی دیاریکراوە و تیایدا هاتووە کە ئەرکی ئەم هۆبەیە وەرگرتنی ئەو کەیسانەیە کە لە لایەن دادگاکان ڕەوانەی بەشی سەنتەرەکان دەکرێن و هەروەها ئەو کێشانەی کە لە لایەن هۆبەی خزمەتگوزاری یاسایی و دەروونی و کۆمەڵایەتی ڕەوانە دەکرێت کە لایەنە ناکۆکەکان ئارەزووی تۆمارکردنی سکاڵا ناکەن[٢١].

تایبەتمەندی ئەم لێژنەیە، لە ماددەی (٢)ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١)، ئەم کردەوانەی بە توندوتیژی خێزانی هەژمارکردووە و بۆیێ ئەمە دەبێتە تایبەتمەندی ئەم لێژنەیە، کە بەم شێوەیەن :( یەکەم: هەر کەسێك کە پەیوەستی هەبێ بە پەیوەندییەکی خێزانی، ئەنجامدانی توندوتیژی لە چوارچێوەی خێزاندا لێ قەدەغە دەکرێ لەوانەش: توندوتیژی جەستەیی و جنسی و دەروونی و، ئەم کردەوانەش وەك نموونە بە توندوتیژی خێزانی دادەنرێت:

1. هاوسەرگیری بەزۆر.
2. هاوسەرگیری ژن بە ژن و منداڵ بە شوودان.
3. بە شوودان لەجیاتی خوێن.
4. لێك جوداکردنەوەی بەزۆر.
5. بڕینی پەیوەندی کۆمەڵایەتی.
6. مێرد بە زۆر ژنی خۆی ناچاری بەدڕەوشی و کاری داوێن پیسی بکات.
7. خەتەنکردنی مێیینە.
8. ناچارکردنی تاکەکانی خێزان بۆ جێهێشتنی فەرمانبەریەتی بە نارەزایەتی خۆیان.
9. ناچارکردنی منداڵ بۆ کارکردن و سواڵکردن و بەجێهێشتنی خوێندن.
10. خۆکوشتن لە ئەنجامی توندوتیژی خێزان.
11. لەباربردن لە ئەنجامی توندوتیژی خێزان.
12. لێدانی تاکەکانی خێزان و منداڵ بە هەر بیانوویەك بێت.

13. سووکایەتی پێ کردن و جنێودان و جنێودان بە کەس و کار و بەکەم سەیرکردنی و ئازاردانی و گوشار بۆ هێنانی دەروونی و پێشێل کردنی مافەکانی و بەزۆر سەرجێی کردن.)[٢٢].

ئەو کەسانەی کە دەتوانن داوا بجولێنن بە پێی ماددەی (٢) برگەی (٣) لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١) بەم شێوەیە: ( سێیەم:

1. داوا لە کێشەی توندوتیژی خێزانی لەلایەن زیان پێکەوتوو یان ئەوەی بەپێی یاسا شوێنی دەگرێتەوە دەجوولێنرێ و دادگا یان لێکۆڵەرەوە یان بەرپرسی بنکەی پۆلیس یان داواکاری گشتی لێ ئاگادار دەکاتەوە.
2. لەسەر کارمەندانی بواری تەندروستی و پەروەردە و بنکە فەرمییەکانە بۆ هاوکاری کردنی قوربانیانی توندوتیژی خێزانی هەواڵ بدەن.)[٢٣].

هەروەها شێوازی ڕێکارەکان و تایبەتمەندی ئەم لێژنەیە بە پێی ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری بەشی سەنتەرەکانی ڕاوێژکاری خێزانی لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٨) لە ماددەی (٥)دا هاتووە کە ئەم لێژنەیە بە فەرمانێکی کەرگێڕی پێک دەهێنرێت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی و هەموو مانگێک خشتەیەک ئامادە دەکرێت کارەکانی لێژنەی ئاشتەوایی تێدا ڕێکدەخرێت و ئەو کەیسانەی کە لە دادگا و نووسینگە یان بنکەکانی پۆلیس ئاراستەی هۆبەی ئاشتەوایی دەکرێت پێویستە لە ماوەی (١٥) ڕۆژ یەکلایی بکرێنەوە. هەر بە پێی ئەم ماددەیە برگەکانی (٦ و ٧) لێژنەی ئاشتەوایی دەتوانێت ئەو کەیسانەش ببینێت کە لە ماددەی (٣)ی یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراودا هاتوون کە تەنها تاوانلێکراو یان نوێنەری یاسایی دەتوانێت سکاڵا بکات[٢٤]. یەکێک لە کەموکوڕییەکان کە لێرەدا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە پێویستە تایبەتمەندی ئەم لێژنەیە بە یاسا دیاری بکرێت نەک بە ڕێنماییەکی وەزاری. جا ئەم تاوانانەش بریتین لە :

( ماددەی سێیەم : أ. نابێت داوای سزایی بجولێندرێت تەنها لەسەر سکاڵای تاوانلێکراو یان نوێنەرە یاساییەکەی لەم تاوانانەی خوارەوە :

1. زیناکردن یان فرەژنی بە پێچەاونەی یاسای باری کەسی.

2. ناوزڕاندن یان جنێودان یان ئاشکراکردنی نهێنی یان هەواڵی ناڕاست یان هەڕەشەی زارەکی یان ئازاردانی کەم، مەگەر تاوانەکە بەرامبەر ڕاسپێردراوی خزمەتی گشتی لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکەی یان بەهۆی ئەرکەکەی، ئەنجامدرابێت.

3. دزی یان دەستدرێژی یان خیانەت لە ئامانەت یان ساختەکاری یان هەڵگرتنی ئەو شتانەی کە لەڕێگەی ئەو جۆرە تاوانانەوە بەدەست هاتوون، ئەگەر تاوانلێکراو هاوسەری تۆمەتبار یان یەکێک لە باوباپیران یان نەوەکانیان بێت، و ئەم شتانە لەژێر دەستبەسەرداگرتنی دادوەری یان کارگێڕیدا نەبن یان مافی کەسێکی دیکی لەسەر نەبێ.

4. لەنێوبردن یان خەرابکردنی موڵک و ماڵ، جگە لە موڵک و ماڵی دەوڵەت، ئەگەر تاوانەکە بارودۆخێکی توندکردنی لەگەڵدا نەبێت.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

5. پێشێلکردنی پیرۆزی موڵک یان چوونە ژوورەوە یان تێپەڕین بەناو زەوی چێندراو یان ئامادەکراوە بۆ چاندن یان زەوییەک کە بەرهەمی تێدایە یان ڕێگەدان بە ئاژەڵەکان بۆ چوونە ناو ئەو جۆرە زەویانە.

6. فڕێدانی بەرد یان کەلوپەلی تر بەسەر ئۆتۆمبێل و هۆیەکانی گواستنەوە یان ماڵ یان باڵەخانە یان باخچە، یان حەوشەی ئاژەڵ.

7. تاوانەکانی تر کە بەپێی دەق یاسا ناکرێت بجولێندرێت، تەنها لەسەر سکاڵای زیانمەندەکەی نەبێت.)[٢٥].

هەرچی پەیوەستە بە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ئەم لێژنەیە، دەکەوێتە ژێر حوکمەکانی یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی لە ماددەی (١٩٤ - ١٩٨) کە تایبەتن بە ئاشتەوایی[٢٦]. و شێوازی ئەنجامدانی پرۆسەکە بەم شێوازەی خوارەوە دەبێت :( ماددەی ١٩٤: ئاشتەوایی بە بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە یان دادگا قبوڵدەکرێت ئەگەر داوای لێکرابێت لەلایەن تاوانلێکراو یان نوێنەری یاساییەکەی لەو داوایانەی کە جوڵاندنی پەیوەستە بە سکاڵای تاوانلێکراو، بەپێی حوکمەکانی ئەم ماددانەی خوارەوە.

مادەی ١٩٥: أ. ئەگەر ئەو تاوانەی کە لە مادەی (١٩٤)دا ئاماژەی پێکراوە، سزای زیندانیکردنی بۆ ماوەی ساڵێک یان کەمتر، یان غەرامەکردن بوو، ئەوا ئاشتەوایی بەبێ ڕەزامەندی دادوەر یان دادگا قبوڵدەکرێت.

ب. ئەگەر تاوانەکە سزاکەی زیندانیکردن بێ لە ساڵێک زیاتر بێت، ئاشتەوایی قبوڵ ناکرێت، تەنها بە ڕەزامەندی دادوەر یان دادگا نەبێ.

ج. ئاشتەوایی بە ڕەزامەندی دادوەر یان دادگا دەبێت، لە تاوانەکانی هەڕەشە و ئازاردان و لەناوبردن یان خەرابکردنی موڵک و ماڵ، تەنانەت ئەگەر ماوەی سزای زیندانیکردن لە ساڵێک زیاتر نەبێت.

مادەی ١٩٦: أ. داواکاری ئاشتبوونەوە لەگەڵ تۆمەتبارێک، تۆمەتبارێکی دیکە ناگرێتەوە.

ب. ئاشتەوایی قبوڵ ناکرێت، ئەگەر مەرجدار بێت یان وابەستەی(معلقا - هوڵواسراو) مەرجێک بێت.

مادەی ١٩٧: أ. داواکاری ئاشتەوایی لە هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنەکەدا قبوڵدەکرێت تا دەرکردنی بڕیار لە داواکەدا.

ب. ئەگەر مەرجە یاساییەکان لە داواکاری ئاشتەواییدا هەبوون، دادوەری لێکۆڵینەوە یان دادگا بڕیارێک دەردەکات بە قبوڵ کردنی و تۆمەتبار ئازاد بکات ئەگەر ڕاگیرابێت.

مادەی ١٩٨: لێکەوتەی بڕیاری قبوڵکردنی ئاشتەوایی هەمان کاریگەری حوکمی بێتاوانی دەبێت.)[٢٧].

بە پشت بەستن بەو یاسا و ڕێنماییانەی سەرەوە دەبینین ئەرک و تایبەتمەندی ئەم لێژنەیە بەرفراوانە زۆر تاوان لەخۆدەگرێت و ڕێگە پێدراوە کە ئاشتەوایی تێدا بکرێت لەبەردەم لێژنەی ئاشتەوایی خێزان و بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی ئەم لێژنەیە، حوکمەکانی تایبەت بە ئاشتەوایی

یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی جێ بە جێ دەکرێت کە ئەمە پێویستی بە ڕێکخستنێکی یاسایی زیاتر هەیە.

باسی دووەم

لێژنەی ئاشتەوایی بە پێی پێوەر نێودەوڵەتییەکان و نمونەی وولاتانی تر

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەندێک بنەما و پێوەر هەن سەبارەت بە شێوازی کارکردنی لێژنەی ئاشتەوایی و بێ گومان لە وولاتانی تریش لێژنەی ئاشتەوایی هەن و ڕێکخستنی یاساییان بۆ کراوە، جا لەم باسەدا بنەما و پێوەرە نێودەوڵەتییەکان دەخەینەڕوو سەبارەت بە کاری لێژنەکانی ئاشتەوایی و دواتر نمونەی چەند وولاتێک دەخەینەڕوو.

تەوەری یەکەم

پێوەر نێودەوڵەتییەکانی کارکردنی لێژنەی ئاشتەوایی

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا کاری لێژنەی ئاشتەوایی دەکەوێتە چوارچێوەی دادپەروەری چاکسازی. دادپەروەری چاکسازی بە فەرمی لە دەیەمین کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێگریکردن لە تاوان و دادپەروەری تاوانکاری سەریهەڵدا، کە لە ڤییەنا بەڕێوەچوو لە ساڵی (٢٠٠٠) و لە دانیشتنی ساڵی (٢٠٠٢)ی ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان (ECOSOC) کە هەر لە ڤییەنا بەڕێوەچوو، ڕایگەیاند کە زۆربەی وڵاتان پابەندبوونی خۆیان بە پێشخستنی دادپەروەری چاکسازی لەناو سیستەمی دادوەری تاوانکارییەکانیاندا دووپاتکردووەتەوە[٢٨].

لەم بارەیەوە کۆمەڵێک پرەنسیپ لە لایەن ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کراوە لە ژێر ناوونیشانی (پرەنسیپە بنەڕەتییەکان بۆ بەکارهێنانی بەرنامەکانی دادپەروەری چاکسازی لە بابەتە تاوانکارییەکاندا) کە گرینگترین پرەنسیپەکان بریتین لەمانەی خوارەوە:

1. دەکرێت دادپەروەری چاکسازی لە هەر قۆناغێکی سیستەمی دادوەری تاوانکاریدا بەکاربهێنرێت، بەپێی یاسای نیشتمانی.
2. پێویستە ئەم پرۆسەیە بە ڕەزامەندی ئازادانەی تاوانلێکراو و تاوانبار بێت و دەبێ بتوانن ئەو ڕەزامەندییە لە هەر کاتێکدا لە کاتی پرۆسەکەدا بکێشنەوە. ڕێککەوتنەکان پێویستە بە ئارەزووی خۆیان ئەنجام بدرێن.
3. بەشداری تاوانبار نابێت وەک بەڵگەی دانپێدانان بە تاوان لە ڕێوشوێنە یاساییەکانی دواتردا بەکاربهێنرێت.
4. پێویستە ڕەچاوی جیاوازییە کولتوورییەکانی نێوان لایەنەکان بکرێت.
5. پێویستە سەلامەتی لایەنەکان لەبەرچاو بگیرێت لەکاتی ڕەوانەکردنی هەر حاڵەتێک بۆ پرۆسەی چاکسازی و لە ماوەی ئەنجامدانی پرۆسەکە.
6. کاتێک پرۆسەی چاکسازی نەگونجاو بوو یان نەکرێ ئەنجام بدرێ، دەبێ دۆسیەکە ڕەوانەی دەسەڵاتی دادوەری تاوانکاری بکرێت.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

7. وڵاتانی ئەندام پێویستە پرەنسیپەکان و پێوەرەکانی دادپەروەری چاکسازی دابڕێژن بە یاسا و پێویستە ئەو پرەنسیپ و پێوەرانەی لەم بەڵگەنامەیە هاتووە ڕێزی لێ بگرن و جێ بەجێیان بکەن.
8. پێویستە قوربانی و تاوانبار مافی ڕاوێژکردنیان لەگەڵ ڕاوێژکاری یاسایی هەبێت سەبارەت بە پرۆسەی چاککردنەوە و وەرگێڕانی نووسراو یان زارەکی لەکاتی پێویستدا.
9. منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی دەبێ مافی یارمەتییان هەبێت لەلایەن دایک و باوک یان سەرپەرشتیارێکەوە.
10. نابێت نە قوربانی و نە تاوانبار ناچار بکرێن بەشداری لە پرۆسەی چاککردنەوەدا بکەن یان دەرئەنجامەکانی قبوڵ بکەن.
11. ئەو گفتوگۆیانەی لە کاتی پرۆسەی چاکسازیدا بە شێوەیەکی تایبەت ئەنجام دەدرێن، پێویستە نهێنی بن و دواتر نابێت ئاشکرا بکرێن جگە لە ڕەزامەندی لایەنەکان.
12. ئەو ڕێککەوتنانەی کە لە دادپەروەری چاکسازییەوە سەرهەڵدەدەن، پێویستە چاودێری دادوەری بکرێن، یان بخرێنە ناو بڕیارەکان یان بڕیارە دادوەرییەکانەوە.
13. لە کاتێکدا لایەنەکان نەگەیشتنە ڕێککەوتن، پێویستە دۆسیەکە بگەڕێندرێتەوە بۆ ڕێوشوێنی دادپەروەری تاوانکاریی ئێستا.
14. لە کاتی جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنی نێوان لایەنەکان لە پرۆسەی گەڕاندنەوەدا، پێویستە ڕەوانەی بەرنامەی گەڕاندنەوە یان ڕێوشوێنی دادپەروەری تاوانکاریی بکرێنەوە.
15. ئەندامان بە دەستپاکی و ڕێزگرتنی پێویست بۆ شکۆی لایەنەکان ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن. و پێویستە لایەنەکان بە ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەن.
16. ئەندامان پێویستە تێگەیشتنێکی باشیان هەبێت لە کولتوور و کۆمەڵگا خۆجێیەکان و ئەگەر پێویست بکات، پێش ئەوەی بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرن، ڕاهێنانی سەرەتایی وەربگرن[٢٩].

نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مادده هۆشبەرەکان و تاوان (UNODC)، لە هەوڵەکانیدا بۆ بەهێزکردنی ڕێوشوێنی ڕێگریکردن لە تاوان و ڕێوشوێنی دادپەروەری تاوانکاری سەبارەت بە توندوتیژی دژی ژنان، هانی وڵاتانی ئەندام دەدات بۆ پەرەپێدانی ڕێنماییەکان بۆ بەکارهێنانی پرۆسەکانی دادپەروەری چاکسازی و پێویستە ڕێوشوێنی پاراستنی زیاتر بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی قوربانییەکان بگیرێتەبەر و قوربانییەکان بە تەواوی ئاگادار بکرێنەوە و ڕەزامەندی خۆیان بۆ پرۆسەکە بدەن و ڕەوانەکردن بۆ دادپەروەری چاکسازی تەنیا دوای تۆمارکردنی تۆمەتەکان و بە ڕەزامەندی داواکاری گشتی یان دادوەری لێکۆڵینەوە دەبێت ڕووبدات[٣٠].

دادپەروەری نەوجەوانان کە لقێکە لە لقەکانی سیاسەتی تاوانکاری و لەبەر کاریگەریە نەرێنیەکانی تاوانەکانی نەوجەوانان لەسەر خێزان و کۆمەڵگە، دەوڵەتان ئەو ڕێچکەیە دەگرنەبەر کە ئەو تاوانانە بخەنە ژێر دادپەروەری چاکسازی[٣١] و سەبارەت بە دادپەروەری چاکسازی بۆ نەوجەوانان، چەندین بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی هەن پەیوەستن بە مافەکانی نەوجەوانان لە قوناغەکانی دادپەروەری تاوانکاری وەک بنەما نمونەییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دادگایی نەوجەوانانی ساڵی (١٩٨٥) کە ناسراون بە بنەماکانی پەکین و پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی ڕێگری لە کەتنی نەوجەوانان کە ناسراون بە پرەنسیپەکانی ڕیازی ساڵی (١٩٩٠) و بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە پاراستنی نەوجەوانانی بێبەش بوو لە ئازادی ساڵی (١٩٩٠) کە ناسراون بە بنەماکانی هاڤانا و ڕێککەوتننامەی مافەکانی

منداڵانی ساڵی (١٩٨٩) کە پێویستە لە هەموو قۆناغەکانی دادگایی کردن لەبەرچاو بگیرێن و لە بنەما نمونەییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە رێکارە نادەستبەسەرکردنەکان کە بە بنەماکانی تۆکیۆ ناسراون رێگە دەدەن بە کۆتایی هێنان بە داوای نەوجەوانان لە لایەن دەستەکانی نێوەندگیری[٣٢].

بەو پێیەی کە لێژنەی ئاشتەوایی خێزان دەچێتە چوارچێوەی ئاشتەوایی تاوانکاری و ئاشتەوایی تاوانکاریش دەچێتە چاورچێوەی ئاشتەوایی چاکسازی، دەبینین کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە ڕاستەوخۆ باس لە لێژنەی ئاشتەوایی نەکراوە، بەڵکو کۆمەڵێک پرەنسیپی گشتگیر دانراون و داوا لە دەوڵەتان کراوە کە پابەندیان بن و پەرەیان پێ بدەن لە نێو سیستەمی یاسایی خۆیان و بە تایبەت دۆخی نەوجەوانان لەبەرچاو گیراوە.

## تەوەری دووەم

## لێژنەی ئاشتەوایی لە وولاتانی تر

سەبارەت بە بوونی لێژنەی ئاشتەوایی لە وولاتانی تر بە تایبەت لە وولاتانی کە موسلمانن و لە رووی کلتووری و ئاینی لە ئێمە نزیکن، یەکێک لەو وولاتانەی کە بە ووردی گرینگی بە لێژنەیەکی هاوشێوەی لێژنەی ئاشتەوایی خێزانی داوە وولاتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتووە، لە یاسای باری کەسی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو ژمارە (٢٨)ی ساڵی (٢٠٠٥) لە ماددەی (١٦) هاتووە : ( هیچ داوایەکی باری کەسی لە دادگاکاندا وەرناگیرێت، تەنها دوای پێشکەشکردنی بۆ لێژنەی رێنمایی خێزان نەبێت. ....)[٣٣] جا بۆیێ پێویستە پێش ئەوەی داوایەک بەرزبکرێتەوە بۆ دادگا، لێژنەی رێنمایی خێزان بیبینێت و هەوڵی ئاشتەوایی بدرێت لەم لێژنەیە[٣٤]. لە نێو هەموو دادگاکانی وولاتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوودا سەنتەرێک هەیە بە ناوی سەنتەر چاکسازی و رێنماییکردنی خێزانی کە ئەرک و تایبەتمەندی ئەم سەنتەرە بریتیە لە چارەسەرکردنی ناکۆکییە خێزانییەکان یاخود ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە یاسای باری کەسی ئەو وولاتە و پێشکەشکردنی ڕاوێژ بە دادگا لەسەر داوای دادگاکە و پێک دێت لە لێژنەیەک یان زیاتر کە دانیشتنەکانی لەنێو بینای دادگاکان ئەنجام دەدات یان لە رێگەی ئامێرەکانی گەیاندن و ئۆنلاین[٣٥].

ئەو کەسانەی کە لەم سەنتەرە کاردەکەن بە رێنماییکاری خێزانی ناودەبرێن کە پێویستە ئەم مەرجانەی تێدابێت:

1. بڕوانامەی زانکۆیی هەبێت لە شەریعەتی ئیسلام یان کۆمەڵناسی یان دەروونناسی، و ئاشنا بێت بە ئەحکامی شەریعەتی ئیسلامی پەیوەست بە کاروباری خێزان و بڕگەکانی یاسای باری کەسی.
2. پێویستە هاوسەرگیری کردبێت.
3. تەمەنی لە ٣٠ ساڵ کەمتر نەبێت.
4. لێژنەیەکی تایبەتمەند چاوپێکەوتنی لەگەڵ بکات.
5. دەبێت خاوەنی ڕابردوو و رەفتارێکی باش بێت و پێشتر بە تاوانێک سزا نەدرابێت کە بریتی بێت کە پەیوەست بێت بە تاوانی ئابڕووبەرانە و ناپاکی لە ئەمانەت[٣٦].

هەروەها پێویستە رێنماییکارانی خێزانی خۆیان بەدوربگرێت لە کۆمەڵێک کار کە گرینگترینیان ئەم کارانەی خوارەوە و لێیان قەدەغەکراون:



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

1 .نابێت ئاشتەوایی یان ڕێککەوتن لەبەینی لایەنەکان بکەن، لەسەر بابەتێک کە دژی ئادابی گشتیە یان پێچەوانەی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامە یان پێچەوانەی یاسایە.
2 .خۆ بەدوورگرتن لەهەر ناکۆکیەکی ئایینی یان مەزهەبی کە لەنێوان لایەنەکان سەرهەڵدەدات.
3 . نابێت جوێندان یان هەر جۆر بێڕێزی کردنی لایەنێک بەرامبەر لایەنەکەی تر کە لە غیابی ئەودا دەگوترێت، بگوازرێتەوە بۆ لایەنەکەی تر و نابێت پێی بگوترێت.
4 . نابێت سەیری ئەو داوایانە بکات کە لایەنێک خزمایەتی لەگەڵی هەبێت تا پلەی چوار.
5 .ئەگەر لایەنێکی داوایەکە ناکۆکیەکی لەگەڵی هەبێت یان لەگەڵ یەکێک لە خزمەکانی تا پلەی چوار یان بەرژەوەندی لەگەڵ یەکێک لە لایەنەکان هەبێت.
6 . ئەگەر بریکاری یەکێک لە لایەنەکان بێت لە کاروباری تایبەتیدا یان وەصی یان قەییمی بێت یان هی یەکێک لە خزمەکانی بێت تا پلەی چوارەم.
7 .ئاشکراکردنی نهێنی ئەو ناکۆکیانەی کە دێتە بەردەمی یان زانیاری لەسەری هەیە بەهۆی کارەکەی(٣٧).

هەروەها لەسەر ڕێنماییکاری خێزانی پێویستە ئەم کارانە ئەنجام بدات و لە کاتی بەڕێوەچوونی دانیشتنەکان ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەن :

1 .پێویستە تەنها لایەنەکانی داواکە بێنە ژوورەوە و تەنها لەو کاتەدا ڕێگە بە کەسانی تر دەدرێت کە لێژنەکە بە باشی بزانێ کە بەشدار بن.
2 .پێویستە بەردەوام توانییەکانیان بەرەو پێش ببەن  لە ڕێگەی خولەکانی ڕاهێنان.
3 .ڕێگە پێدراوە کە دانیشتنی چاکسازی لە دوای کاتی دەوامی فەرمی و لە دەرەوەی شوێنی دەوامی فەرمی ئەنجام بدات، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی دادگا.
4 . پێویستە لە کاتی دانیشتنەکەدا ماف و ئەرکە یاسایی و شەرعی لایەنەکان بۆیان ڕوون بکرێتەوە بەرامبەر بە یەکتری و بەرامبەر بە کەسانی تر بە تایبەت منداڵەکان ئەگەر بابەتەکە پەیوەست بوو بە منداڵەکانیان.
5 .دەکرێت سوود لە وەرگێڕی یاسایی وەربگیرێت ئەگەر هاتوو زمانی لایەنەکان نەزانن.
6 .لە کاتی گەیشتنی لایەنەکان بە ئاشتەوایی و پێک هاتنەوە پێویستە واژۆ لەسەر کۆنووسی دانیشتنەکە بکەن.
7 .پێویستە ناکۆکییەکە لە ماوەی دوو مانگ کۆتایی بێت ئەگەر پەیوەست بێت بە تەڵاق و لە ناکۆکییەکانی تر دا پێویستە لە یەک مانگ تێپەڕنەکات، ئیلا ئەگەر لایەنەکان ڕێکبکەون لەسەر ماوەیەکی تر (٣٨).

سەبارەت بە ڕەفتاری ڕێنماییکارانی خێزانی، پێویستە ڕاوێژکارانی خێزان لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانیان پابەندبن بە چەندین بەها و بنەما پیشەیی بنەڕەتی کە گرینگترینیان بریتین لەمانەی خوارەوە:

١. دەستپاکی و بێلایەنی و یەکسانی : پێویستە خۆی بەدوور بگرێت لە لایەنگیری یەکێک لە لایەنەکان یان زانیاری کەسی.
٢. شەفافیەت : پێویستە پێش دەستپێکردنی کارەکانیان ڕێکارەکان و ڕێڕەوی کارکردنی پرۆسەی ئاشتەوایی بۆ لایەنەکان ڕوون بکەنەوە.
٣. سەربۆخۆیی : ئەنجامدانی ئەرکەکانی لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانە بۆ ڕاستییەکانی ناکۆکییەکە و تێگەیشتنێکی هۆشیارانەی دوور لە هەر کاریگەرییەکی دەرەکی.

٤. لێهاتوویی پیشەیی : پێویستە بەردەوام زانیاری نوێ وەربگرن لەسەر کارەکەی خۆیان.
٥. بابەتیبوون.
٦. لێبوردەیی.
٧. ڕێزگرتن لە مافی کەسانی تر[٣٩].

بوونی لێژنەی ئاشتەوایی یان لێژنەیەکی هاوشێوەی لێژنەی ئاشتەوایی هەرێمی کوردستان لە وولاتی مسر، لەو وولاتەدا لێژنەیەکی هەمیشەیی ئاشتەوایی بوونی نیە وەک لێژنەی ئاشتەوایی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام لە ماددەی (١٨)ی دووبارە و (١٨)ی دووبارە (أ) لە یاسای ڕێکارە تاوانکارییەکانی ژمارە (١٧٤)ی ساڵی (١٩٩٨) ڕێگە بە ئاشتەوایی دەدات لە تاوانەکانی سەرپێچی و کەتن[٤٠] و لە یاسای نوێی ڕێکارە تاوانکارییەکان ژمارە (١٧٤)ی ساڵی (٢٠٢٥) کە لە کۆتایی ساڵی (٢٠٢٦) بەرکار دەبێت لە ماددەی (٢٠) و (٢١) ڕێگە بە ئاشتەوایی دەدات لە تاوانەکانی سەرپێچی و کەتن، تەنانەت دوای دەرچوونی بڕیاری کۆتایی و بنبڕ لەسەر داواکە[٤١].
بە سەیرکردنی یاساکانی وولاتی جەزائر دەبینین ئەو لێژنە بەردەوامەی ئاشتەوایی خێزان کە لە هەرێمی کوردستان هەیە، بوونی نیە بەڵکو لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و بۆ هەندێک تاوان ڕێگە بە ئاشتەوایی دراوە [٤٢] وەکو تاوانە ئابوورییەکان و داراییەکان[٤٣].
لێرەدا دەتوانین بڵێین لێژنەی ئاشتەوایی کە لە وولاتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو هەیە تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی هەرێمی کوردستانە و یاسادانەری ئیماراتی هەمان ئامانجی یاسادانەری کوردستانی هەبووە لە گرینگیدان بەم لێژنەیە بە ئامانجی پاراستنی خێزان و خزمایەتی و کەمکردنەوەی بارگرانی لەسەر دادگاکان، بەڵام دەبینین ڕێکخستنێکی یاسایی وورد بۆ کاری ئەم لێژنەیە و ئەندامانی لێژنەکە کراوە.

## کۆتایی

لە کۆتایی توێژینەوەکەماندا و دوای خستنەڕووی بابەتەکانی پەیوەست بە ئەم توێژینەوەیە، گەیشتین بە کۆمەڵێک دەرەنجام و ڕاسپاردە کە لە خوارەوە دەیانخەینەڕوو:

**یەکەم: دەرەنجامەکان:**

گرینگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەکەمان بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە :

1. لێژنەی ئاشتەوایی بریتیە لە لێژنەیەک کە بە پێی ماددەی (٥) لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی دامەزراوە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزان و پێک دێت لە کەسانی پسپۆڕ بە ئامانجی پێکهێنانەوە و ئاشتەوایی لایەنەکانی سکاڵاکار.
2. ئەو لێژنەی ئاشتەواییەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە، بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان پرۆسەیەکی ڕێگەپێدراوە و دەچێتە چوارچێوەی دادپەروەی چاکسازی و چەندین پرەنسیپ و بنەما بۆ شێوازی کارەکەی دانراوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.
3. لێژنەی ئاشتەوایی بەو شێوازەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە لە دەوڵەتانی تر بە هەمان شێوە نیە، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەو لێژنەی کە لە وولاتی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی بوونی هەیە نزیکترینیانە لە لێژنەی ئاشتەوایی هەرێمی کوردستان.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

4. لێژنەیەکی ئاشتەوایی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا بوونی نیە، تەنها کار بە ئەو ئاشتەواییە دەکرێت کە لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو هەیە کە لە هەرێمی کوردستانیش بەرکارە.
5. لێژنەی ئاشتەوایی لە لایەک کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر کەمکردنەوەی بارگرانی لەسەر دادگاکان و دامەزراوە سزاییەکانی هەرێمی کوردستان، بە هۆی کۆتایی هێنان بە سکاڵاکان بە ڕێگەیی ئاشتەوایی و لە لایەکی ترەوە دەبێتە هۆی پاراستنی خێزان و خزمایەتی تاکەکانی کۆمەڵگا.

**دووەم : ڕاسپاردەکان:**

گرینگترین ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکەمان لەم چەند خاڵەی خوارەوە کورتدەکەینەوە :

1. بەو پێیەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا مامۆستایانی ئاینی ڕۆڵێکی کاریگەر و باوەڕپێکراو دەگێڕن و زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان باوەڕدارن، پێشنیار دەکەین ماددەی یەکەم بڕگەی (٦) لە ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٨) هەموار بکرێتەوە کە تایبەتە بە زاراوەی شارەزا کە تیایدا پسپۆرەکان دیاریدەکات، مامۆستای ئاینی زیادبکرێت و لەو شوێنانەی کە زۆرینەی پێکهاتەی دانیشتوانەکەی ئاینی تر وەک کریستیان و ئێزدینە، مامۆستای ئاینی لەو ئاینانەی تریش بەشداربن لە لێژنەی ئاشتەوایی. هەر سەبارەت بەم بابەتە لە ماددەی (٣) بڕگەی (دووەم / ٢) دا بە هەمان شێوە هەموار بکرێتەوە و لێژنەی ئاشتەوایی بکرێتە (٤) کەس و مامۆستای ئاینی زیاد بکرێت.
2. سەبارەت بە تایبەتمەندیەکانی لێژنەی ئاشتەوایی، بە پێی ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری بەشی سەنتەرەکانی ڕاوێژکاری خێزانی لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٨) لە ماددەی (٥) بڕگەکانی (٦ و ٧) لێژنەی ئاشتەوایی دەتوانێت ئەو کەیسانەش ببینێت کە لە ماددەی (٣)ی یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراودا هاتوون کە تەنها تاوانلێکراو یان نوێنەری یاسایی دەتوانێت سکاڵا تۆمار بکات، لێرەدا پێشنیار دەکەین کە ئەم تایبەتمەندییانە بە یاسا دیای بکرێن بۆ لێژنەکە نەک بە ڕێنماییەکی وەزاری لەبەر ئەوەی کە بە ڕێنمایی ناکرێت تایبەتمەندی دیاری بکرێت.
3. پێشنیار دەکەین لەو کەیسانەی کە مەترسی دەکەوێتە سەر ئەندامانی لێژنە، بە تایبەت لەو کەیسانەی کە تۆمەتبار پێشینەی تاوانی هەیە یاخود کەسانی شەڕانگێزن، نەهێنرێنە بەردەم لێژنەی ئاشتەوایی بۆ پاراستنی ئەندامانی لێژنەی ئاشتەوایی لە داهاتوودا.
4. لە ڕوانگەی پێویستی ڕێکخستنی ووردتر بۆ لێژنەی ئاشتەوایی، بە پێویستی دەزانین پەیڕەوێک بۆ کاری لێژنەی ئاشتەوایی و پسپۆڕانی ئەندام لەم لێژنەیە هەبێت، جا بۆیێ پێشنیاری ئەم پەیڕەوەی خوارەوە دەکەین:

ماددەی (١): پێویستە ئەندامانی لێژنەی ئاشتەوایی کەسانی نهێنی پارێز و خاوەن کەسایەتی و خۆڕەوشتی بەرز بن.

ماددەی (٢): لەسەر ئەندامەکان پێویستە پێش بینینی لایەنەکانی سکاڵا، بە تەواوەتی دۆسیەی سکاڵاکەیان خوێندبێتەوە.

ماددەی (٣): ئەگەر یەکێک لە ئەندامانی لێژنەی ئاشتەوایی خزمایەتی تاوەکو پلە چوار لەگەڵ یەکێک لە لایەنەکان هەبێت پێویستە لەو دانیشتنە بەشدار نەبێت و کەسێکی تر ڕابسپێردرێت لەجیاتی.

ماددەی (٤): ئەندامانی لێژنە دەتوانن داوای گۆڕینیان بکەن بە ئەندامێکی تر ئەگەر هەست بکەن ناتوانن بێ لایەنی خۆیان بپارێزن بە هۆی بوونی پەیوەندییەک یان بەرژەوەندییەک لەگەڵ یەکێک لە لایەنەکان کەیسەکە.

ماددەی (٥): لایەنەکانی داوا دەتوانن داوای گۆڕینی ئەندامێکی لێژنە بکەن لە ئەگەری بوونی ناکۆکیەک لەگەڵ یەکێک لە ئەندامەکانی لێژنەکە.

ماددەی (٦): سەرەتا پێویستە هەر لایەنێک بە جیا بانگ بکرێت بۆ بەردەم لێژنەی ئاشتەوایی و دواتر بەیەکەوە بانگ بکرێن بۆ بەردەم لێژنەکە و پێویستە ئامادەبوون بە ڕەزامەندی بێت.

ماددەی (٧): پێویستە بۆ هەر کەیسێک (٤٥) خولەک تا (١) کاتژمێر تەرخان بکرێت بۆ گوێگرتن لە لایەنەکانی داواکە و لە بارودۆخی تایبەتدا نیو کاتژمێری تر زیاد بکرێت.

ماددەی (٨): ئەگەر لێژنە بە پێویستی زانی کات بدرێت بە لایەنەکان بۆ ئاشت بوونەوە و لێبووردن، کۆنووس دوابخرێت بۆ هەفتەی دواتر.

ماددەی (٩): ئەگەر کەیسێک دواخرا بۆ هەفتەی دواتر ئەوا پێویستە هەمان ئەندامانی پێشوو کەیسەکە ببیننەوە لە هەفتەی دواتر بۆ بەردەوامیدان بە پرۆسەی ئاشتەوایی.

ماددەی (١٠): پێویستە هەڵسەنگاندن بۆ کەسایەتی لایەنەکانی داوا بکرێت و ئەگەر پێویستی کرد چەند دانیشتنێکی بۆ ڕێکبخرێت لەگەڵ مامۆستای ئایینی، پسپۆری دەروونناس یان پسپۆری کۆمەڵناس

ماددەی (١١): لایەنەکان ئازادن لە ئامادەبوون لەبەردەم لێژنەی ئاشتەوایی و نابێت ئامادەنەبوونی لایەنێک بە زیانی ئەو لایەنە لێکبدرێتەوە لە دادگادا.

ماددەی (١٢): ئاشتبوونەوە نابێت ببێتە هۆکاری ئەوەی کە لە داهاتوودا کاریگەری هەبێت لەسەر توندکردنی سزایەکی تر.

ماددەی (١٣): پێویستە لە هەر لێژنەیەکی ئاشتەوایی ئافرەتێک هەبێت بۆ ئەوەی ئەگەر لایەنێکی داواکە ئافرەت بوو و شەرمی کرد بابەتەکەی لەبەردەم پیاوان بخاتەڕوو، بتوانێت بە ئاسوودەیی لەبەردەم ئافرەتەکە بیخاتەڕوو.

ماددەی (١٤): ئەندامانی لێژنەی ئاشتەوایی پێویستە هاوسەرگیریان کردبێ، بۆ ئەوەی بتوانن باشتر لە قوڵایی گرفتە خێزانیەکان تێبگەن.

ماددەی (١٥): منداڵ و نەوجەوان یاخود ئەوانەی خوار تەمەنی (١٨) ساڵین ئەگەر توندوتیژیان بەرامبەر ئەنجامدرا لە لایەن دایک و باوکیەوە و کەیسەکە ئاشت بوونەوەی تێدا ئەنجامدرا، پێویستە دواتر بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی چاودێری بارودۆخی بکات.

ماددەی (١٦): تەنها لایەنەکانی داواکە دەچنە بەردەم لێژنەی ئاشتەوایی و تەنها لەو کاتەدا ڕێگە بە کەسانی تر دەدرێت کە لێژنەکە بە باشی بزانێ و یارمەتیدەر بن بۆ هێنانەدی ئاشتەوایی.

## الهوامش

(١) نظام الدين عبدالحميد، تەفسیری گوڵشەن، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ئسوە، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤، ل ١٩٥.

(٢) نظام الدين عبدالحميد، تەفسیری گوڵشەن، بەرگی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١٤.

(٣) القاضي ناصر عمران، العدالة التصالحية، موقع مجلس القضاء الاعلى العراقي (https://www.sjc.iq/view.3697/ )، دوايين سەردان (٢٠٢٦/٣/٢٨).

(٤) تاوانناسی ئەمریکیە کە بە باوکی دادپەرەری چاکسازی دەناسرێت. بۆ زیاتر بروانە : ماڵپەری ئەنستیتوتی زێهر بۆ دادپەروەری چاکسازی، (https://zehr-institute.org/staff/howard-zehr/ ) دوايين سەردان (٢٠٢٦/٢/٢٥).

(٥) أماني محمد عبدالرحمن المساعيد، العدالة الإصلاحية "المفهوم الحديث للعدالة الجنائية للأحداث" دراسة تحليلية مقارنة، رسالة ماجستير، جامعة بيرزيت، كلية الحقوق و الإدارة العامة، فلسطين، ٢٠١٤، ص ١٢٥.

(٦) دەقی ماددەی (٨) لە دەستوری هەمیشەیی عێراق (٢٠٠٥).

(٧) م.د. ميثم فالح حسين، سبل تطوير العدالة التصالحية في التشريع الجزائي العراقي – دراسة مقارنة، مجلة الجامعة العراقية، العدد (٥٠ج ١)، ٢٠٢١، ص ٥٠٤.

(٨) شذى محمد حسين و ا.م.د. عزيز سامي حسين، اثر الصلح الجنائي على الضحية – دراسة مقارنة، مجلة اشور للعلوم القانونية و السياسية، المجلد (٢) العدد (٣)، الجمعية العراقية للعلوم القانونية، ٢٠٢٥، ص ٩٣٢.

(٩) ا.د. زينب احمد عوين و الهام ابراهيم حسين، نظام الصلح الجنائي في الجرائم المرورية وفق قانون المرور العراقي رقم (٨) لسنة (٢٠١٩) – دراسة مقارنة، مجلة كلية الحقوق، جامعة النهرين، المجلد (٢٤)، العدد (٤)، ٢٠٢٢، ص ١٤١.

(١٠) د. خالد جمال حامد عبدالشافي، الصلح الجنائي في جرائم الاعتداء على الأشخاص والأموال - دراسة تحليلية تأصيلية مقارنة، مجلة القادسية للقانون والعلوم السياسية، الجزء (١) -ع(٢)، المجلد (١٦)، جامعة القادسية، ٢٠٢٥، ص ١٣٢.

(١١) م.م. علاء عبدالسادة جودة و أ.د. حسين عبدالصاحب عبدالكريم، بدائل الدعوى الجزائية في التشريع العراقي – الصلح الجنائي انموذجا، مجلة اكليل للدراسات الانسانية، المجلد(٦)، العدد(٣)، الجزء(٣)، ٢٠٢٥، ص ١٩٢٠.

(١٢) مجلة الاحكام العدلية.

(١٣) صباح غازي دعدوش و جمعة عبد داود، أحكام عقد الصلح في القانون المدني العراقي، ٢٠١٢، توێژینەوەی بلاوکراوە لە پێگەی فەرمی پەیمانگای دادەری عێراقی: ( https://www.sjc.iq/upload/pdf/%D8%A8%D8%AD%D8%AB%20%D8%A8%D8%B9%D9%86%D9%88%D8%A7%D9%86%20%D8%B9%D9%82%D8%AF%20%D8%A7%D9%84%D8%B5%D9%84%D8%AD.pdf ) دوايين سەردان (٢٠٢٦/٢/١٠)، ص ٦.

(١٤) ماددەی (٦٩٨)ی یاسای شارستانی عێراقی ژمارە (٤٠)ی ساڵی (١٩٥١) هەموارکراو.

(١٥) ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری بەشی سەنتەرەکانی ڕاوێژکاری خێزانی لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٨).

(١٦) ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری بەشی سەنتەرەکانی ڕاوێژکاری خێزانی لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٨).

(١٧) نص مشروع قانون مناهضة العنف الأسري الذي أرسلته رئاسة الجمهورية إلى مجلس النواب، ٢٠٢٩/٩/١٦، ماڵپەری فەرمی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق، (https://presidency.iq/Details.aspx?id=8355 )، دوايين سەردان (٢٠٢٦/٣/١٨).

(١٨) پ.د. نجاه محمد فرج و بەسۆز عبدالكريم احمد، ڕۆڵی لێژنەی ئاشتەوایی لە گونجاندنەوەی خێزاندا – توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەناو شاری سلێمانی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی (٢٣)، ژمارە (٢)، ٢٠٢٢، ل ١٢١.

(١٩) دەقی ماددەی (٥) لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١).

(٢٠) ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری بەشی سەنتەرەکانی ڕاوێژکاری خێزانی لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٨).

(٢١) ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری بەشی سەنتەرەکانی ڕاوێژکاری خێزانی لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٨).

(٢٢) دەقی ماددەی (٢) لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١).

(٢٣) دەقی ماددەی (٢) برگەی (٣) لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١).

(٢٤) ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری بەشی سەنتەرەکانی ڕاوێژکاری خێزانی لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٨).

(٢٥) دەقی ماددەی (٣) لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو.

(٢٦) القاضي ناصر عمران، العدالة التصالحية، سەرچاوەی پێشوو.

(٢٧) دەقی ماددەی (١٩٤ - ١٩٨) لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو.

(٢٨) القاضي ناصر عمران، سەرچاوەی پێشوو.

(٢٩) المبادئ الأساسية لاستخدام برامج العدالة التصالحية في المسائل الجنائية، اعتمدت ونشرت على الملأ بموجق قرار المجلس الاقتصادي والاجتماعي رقم ١٢/٢٠٠٢، المؤرخ في ٢٤ تموز/يوليه ٢٠٠٢، (https://digitallibrary.un.org/record/469889?ln=en&v=pdf )

(٣٠) نظرة عامة على عمليات العدالة التصالحية، ماڵپەڕی فەرمی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە ماددەهۆشبەرەکان و تاوان (UNODC) (https://www.unodc.org/e4j/ar/crime-prevention-criminal-justice/module-8/key-issues/2--overview-of-restorative-justice-processes.html#:~:text=%D9%8A%D8%B3%D9%85%D8%AD%20%D8%B9%D9%82%D8%AF%20%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%A4%D8%AA%D9%85%D8%B1%D8%A7%D8%AA%20%D9%84%D8%A3%D8%B3%D8%B1%D8%A9%20%D8%A7%D9%84%D8%B4%D8%A7%D8%A8%D8%8C%20%D9%88%D9%83%D8%B0%D9%84%D9%83%20%D8%A7%D9%84%D8%B6%D8%AD%D9%8A%D8%A9%20%D9%88%D9%85%D8%A4%D9%8A%D8%AF%D9%8A%D9%87%D9%85%D8%8C%20%D8%A8%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%B4%D8%A7%D8%B1%D9%83%D8%A9%20%D8%A8%D9%86%D8%B4%D8%A7%D8%B7%20%D9%81%D9%8A%20%D8%B9%D9%85%D9%84%D9%8A%D8%A9%20%D8%B5%D9%86%D8%B9%20%D8%A7%D9%84%D9%82%D8%B1%D8%A7%D8%B1.&text=%D9%87%D9%86%D8%A7%D9%83%20%D8%AA%D8%A8%D8%A7%D9%8A%D9%86%20%D9%83%D8%A8%D9%8A%D8%B1%20%D9%81%D9%8A%20%D8%AA%D9%86%D9%81%D9%8A%D8%B0%20%D8%B9%D9%85%D9%84%D9%8A%D8%A7%D8%AA%20%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%AF%D8%A7%D9%84%D8%A9%20%D8%A7%D9%84%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D9%84%D8%AD%D9%8A%D8%A9%20%D9%81%D9%8A%20%D8%AC%D9%85%D9%8A%D8%B9%20%D8%A3%D9%86%D8%AD%D8%A7%D8%A1 ) دوایین سەردان (٢٠٢٦/٢/٢٧).

(٣١) سميرة خزرون، العدالة التصالحية في جرائم الأسرية، أطرحة الدكتۆراه، كلية العلوم القانونية و الاقتصاد و الاجتماع، جامعة سيدي محمد بن عبدالله، المملكة المغربية، ٢٠٢١، ص ٢٠.

(٣٢) م. سامية عبدالرزاق خلف، العدالة التصالحية في قضاء الاحداث – دراسة مقارنة، مجلة دراسات البصرة، مجلة علمية تصدر عن جامعة البصرة، السنة التاسعة عشرة، العدد (٥٢)، ٢٠٢٤، ص ٣٣٥ – ٣٤٠.

(٣٣) قانون اتحادي رقم (٢٨) لسنة (٢٠٠٥)م في شأن الأحوال الشخصية.
هەندێک بابەت بەدەرکراون لە تایبەتمەندی لێژنەی ڕێنمایی خێزانی کە بریتین لە : بابەتی وەسیەت و میرات و پرسە پەیوەندیدارەکان، داوای بەپەلە و کاتی و فەرمانی بەپەلە و کاتی سەبارەت بە نەفەقە، سەرپەرشتیکردن، وصایە و ئەو حاڵەتانەی کە ئاشتەوایی تێدا ناکرێت وەک کەیسەکانی سەلماندنی هاوسەرگیری و جیابوونەوە. بڕوانە ماددەی (١٦) لە قانون اتحادي رقم (٢٨) لسنة (٢٠٠٥)م في شأن الأحوال الشخصية.

(٣٤) إجـــــــراءات التوجيـــــــه الأســــــري فــــــي الإمـــــارات العربيـــــة المتحـــــدة، ( https://hhslawyers.com/ar/blog/%D8%A5%D8%AC%D8%B1%D8%A1%D8%A7%D8%AA-%D8%A7%D9%84%D8%AA%D9%88%D8%AC%D9%8A%D9%87-

/%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%B3%D8%B1%D9%8A )، دوايـــــين ســـــــەردان (٢٠٢٦/٣/١٨).

(٣٥) قرار وزاري رقم ٥٥٤، صادر بتاريخ ٢٠٢١/٩/٧، في شأن لائحة التوجيه الأسري، نشر هذا القرار الوزاري في عدد الجريدة الرسمية رقم ٧١٢، ص ٤٣.

(٣٦) قرار وزاري رقم ٥٥٤، صادر بتاريخ ٢٠٢١/٩/٧، سەرچاوەی پێشوو.

(٣٧) قرار وزاري رقم، هەمان سەرچاوە.

(٣٨) قرار وزاري رقم ٥٥٤ ، صادر بتاريخ ٢٠٢١/٩/٧ ، سەچاوەی پێشوو.

(٣٩) قرار وزاري رقم ٢٠٥، هەمان سەرچاوە.

(٤٠) دەقی ماددەکانی (١٨)ی دووبارە و (١٨)ی دووبارە (أ) لە یاسای ڕێکارە تاوانکارییەکانی ژمارە (١٧٤)ی ساڵی (١٩٩٨)ی مسری.

(٤١) دەقی ماددەکانی (٢٠) و (٢١) لە یاسای ڕێکارە تاوانکارییەکانی ژمارە (١٧٤)ی ساڵی (٢٠٢٥)ی مسری.

(٤٢) شنين سناء و النحوي سليمان، نظام المصالحة الجزائية في التشريع الجنائي الجزائري، مجلة دفاتر السياسية والقانون، مجلة دورية دولية متخصصة محكمة تصدر عن كلية الحقوق و العلوم السياسية بجامعة قاصدي مرباح ورقلة – الجزائر، المجلد ١٣، العدد ٢، ٢٠٢١، ص ٢٠٥ – ٢٠٩.

(٤٣) فاطيمة الزهرة لخضاري و خيرة طالب، دور العدالة التصالحية في تحقيق اهداف التنمية المستدامة، مجلة الفكر القانوني والسياسي، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة عمار ثليجي – الأغواط، المجلد السادس، العدد الثاني، الجزائر، ٢٠٢٢، ص ٤٧٠.

## سەرچاوەکان

**یەکەم : قورئانی پیرۆز و تەفسیر**

1. سورەتی النساء
2. سورەتی الحجرات
3. نظام الدين عبدالحميد، تەفسیری گوڵشەن، چاپخانەی ئسوە، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤.

**دووەم : دەستور و یاسا و ڕێنماییەکان:**

1. دەستوری هەمیشەیی عێراق (٢٠٠٥).
2. یاسای شارستانی عێراق ژمارە (٤٠)ی ساڵی (١٩٥١) هەموارکراو.
3. یاسای سزاکانی عێراق ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو.
4. یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو.
5. یاسای ڕێکارە تاوانکارییەکانی ژمارە (١٧٤)ی ساڵی (١٩٩٨)ی مسری.
6. یاسای باری کەسی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو ژمارە (٢٨)ی ساڵی (٢٠٠٥).
7. یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١).
8. ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری بەشی سەنتەرەکانی ڕاوێژکاری خێزانی لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٨).
9. قرار وزاري رقم ٥٥٤ ، صادر بتاريخ ٢٠٢١/٩/٧ ، في شأن لائحة التوجيه الأسري، نشر هذا القرار الوزاري في عدد الجريدة الرسمية رقم ٧١٢.
10. قرار وزاري رقم ٢٠٥، صادر بتاريخ ٢٠٢٢/٣/١٨ ، بشأن وثيقة سلوك الموجهين الأسريين، هذا القرار الوزاري في عدد الجريدة الرسمية رقم ٧٢٦.
11. یاسای ڕێکارە تاوانکارییەکانی ژمارە (١٧٤)ی ساڵی (٢٠٢٥)ی مسری.

**نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا :**

1. أماني محمد عبدالرحمن المساعيد، العدالة الإصلاحية "المفهوم الحديث للعدالة الجنائية للأحداث" دراسة تحليلية مقارنة، رسالة ماجستير، جامعة بيرزيت، كلية الحقوق و الإدارة العامة، فلسطين، ٢٠١٤.
2. سميرة خزرون، العدالة التصالحية في جرائم الأسرية، أطرحة الدكتۆراه، كلية العلوم القانونية و الاقتصاد و الاجتماع، جامعة سيدي محمد بن عبدالله، المملكة المغربية، ٢٠٢١.

**گۆڤارەکان :**

1. د. خالد جمال حامد عبدالشافي، الصلح الجنائي في جرائم الاعتداء على الأشخاص والأموال - دراسة تحليلية تأصيلية مقارنة، مجلة القادسية للقانون والعلوم السياسية، الجزء (١) -ع(٢)، المجلد (١٦)، جامعة القادسية، ٢٠٢٥.


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ٥

2 . ا.د. زينب احمد عوين و الهام ابراهيم حسين، نظام الصلح الجنائي في الجرائم المرورية وفق قانون المرور العراقي رقم (٨) لسنة (٢٠١٩) – دراسة مقارنة، مجلة كلية الحقوق، جامعة النهرين، المجلد (٢٤)، العدد (٤)، ٢٠٢٢.

3 . م. سامية عبدالرزاق خلف، العدالة التصالحية في قضاء الاحداث – دراسة مقارنة، مجلة دراسات البصرة، مجلة علمية تصدر عن جامعة البصرة، السنة التاسعة عشرة، العدد (٥٢)، ٢٠٢٤.

4 . شذى محمد حسين و ا.م.د. عزيز سامي حسين، اثر الصلح الجنائي على الضحية – دراسة مقارنة، مجلة اشور للعلوم القانونية و السياسية، المجلد (٢) العدد (٣)، الجمعية العراقية للعلوم القانونية، ٢٠٢٥.

5 . شنين سناء و النحوي سليمان، نظام المصالحة الجزائية في التشريع الجنائي الجزائري، مجلة دفاتر السياسية والقانون، مجلة دورية دولية متخصصة محكمة تصدر عن كلية الحقوق و العلوم السياسية بجامعة قاصدي مرباح ورقلة – الجزائر، المجلد ١٣، العدد ٢، ٢٠٢١

6 . م.م. علاء عبدالسادة جودة و أ.د. حسين عبدالصاحب عبدالكريم، بدائل الدعوى الجزائية في التشريع العراقي – الصلح الجنائي انموذجا، مجلة اكليل للدراسات الانسانية، المجلد(٦)، العدد(٣)، الجزء(٣)، ٢٠٢٥.

7 . فاطيمة الزهرة لخضاري و خيرة طالب، دور العدالة التصالحية في تحقيق اهداف التنمية المستدامة، مجلة الفكر القانوني والسياسي، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة عمار ثليجي – الأغواط، المجلد السادس، العدد الثاني، الجزائر ٢٠٢٢.

8 . م.د. ميثم فالح حسين، سبل تطوير العدالة التصالحية في التشريع الجزائي العراقي – دراسة مقارنة، مجلة الجامعة العراقية، العدد (٥٠١ ج ١)، ٢٠٢١.

9 . پ.د. نجاه محمد فرج و بەسۆز عبدالكريم احمد، رۆڵی لێژنەی ئاشتەوایی لە گونجاندنەوەی خێزاندا – توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەناو شاری سلێمانی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەرگی (٢٣)، ژمارە (٢)، ٢٠٢٢.

**سەرچاوە ئەلکترۆنییەکان :**

1 . صباح غازي دعدوش و جمعة عبد داود، أحكام عقد الصلح في القانون المدني العراقي، ٢٠١٢، توێژینەوەی بڵاوکراوە لە پێگەی فەرمی پەیمانگای دادەری عێراق: ( https://www.sjc.iq/upload/pdf/%D8%A8%D8%AD%D8%AB%20%D8%A8%D8%B9%D9%86%D9%88%D8%A7%D9%86%20%D8%B9%D9%82%D8%AF%20%D8%A7%D9%84%D8%B5%D9%84%D8%AD.pdf ) دوایین سەردان (٢٠٢٦/٢/١٠).

2 . ماڵپەڕی ئەنستیتوتی زێهر بۆ دادپەروەری چاکسازی، (https://zehr-institute.org/staff/howard-zehr/ ) دوایین سەردان (٢٠٢٦/٢/٢٥).

3 . القاضي ناصر عمران، العدالة التصالحية، موقع مجلس القضاء الاعلى العراق (https://www.sjc.iq/view.3697/ )، دوایین سەردان (٢٠٢٦/٣/٢٨).



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

4. نص مشروع قانون مناهضة العنف الأسري الذي أرسلته رئاسة الجمهورية إلى مجلس النواب، ٢٠٢٩/٩/١٦، ماڵپەڕی فەرمی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق، (https://presidency.iq/Details.aspx?id=8355 )، دوایین سەردان (٢٠٢٦/٣/١٨).

5. المبادئ الأساسية لاستخدام برامج العدالة التصالحية في المسائل الجنائية، اعتمدت ونشرت على الملأ بموجق قرار المجلس الاقتصادي والاجتماعي رقم ١٢/٢٠٠٢، المؤرخ في ٢٤ تموز/يوليه ٢٠٠٢، (https://digitallibrary.un.org/record/469889?ln=en&v=pdf ).

6. نظرة عامة على عمليات العدالة التصالحية، ماڵپەڕی فەرمی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە ماددەهۆشبەرەکان و تاوان (UNODC)
(https://www.unodc.org/e4j/ar/crime-prevention-criminal-justice/module-8/key-issues/2--overview-of-restorative-justice-processes.html#:~:text=%D9%8A%D8%B3%D9%85%D8%AD%20%D8%B9%D9%82%D8%AF%20%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%A4%D8%AA%D9%85%D8%B1%D8%A7%D8%AA%20%D9%84%D8%A3%D8%B3%D8%B1%D8%A9%20%D8%A7%D9%84%D8%B4%D8%A7%D8%A8%D8%8C%20%D9%88%D9%83%D8%B0%D9%84%D9%83%20%D8%A7%D9%84%D8%B6%D8%AD%D9%8A%D8%A9%20%D9%88%D9%85%D8%A4%D9%8A%D8%AF%D9%8A%D9%87%D9%85%D8%8C%20%D8%A8%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%B4%D8%A7%D8%B1%D9%83%D8%A9%20%D8%A8%D9%86%D8%B4%D8%A7%D8%B7%20%D9%81%D9%8A%20%D8%B9%D9%85%D9%84%D9%8A%D8%A9%20%D8%B5%D9%86%D8%B9%20%D8%A7%D9%84%D9%82%D8%B1%D8%A7%D8%B1.&text=%D9%87%D9%86%D8%A7%D9%83%20%D8%AA%D8%A8%D8%A7%D9%8A%D9%86%20%D9%83%D8%A8%D9%8A%D8%B1%20%D9%81%D9%8A%20%D8%AA%D9%86%D9%81%D9%8A%D8%B0%20%D8%B9%D9%85%D9%84%D9%8A%D8%A7%D8%AA%20%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%AF%D8%A7%D9%84%D8%A9%20%D8%A7%D9%84%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D9%84%D8%AD%D9%8A%D8%A9%20%D9%81%D9%8A%20%D8%AC%D9%85%D9%8A%D8%B9%20%D8%A3%D9%86%D8%AD%D8%A7%D8%A1 ) دوایین سەردان (٢٠٢٦/٢/٢٧).

7. إجراءات التوجيه الأسري في الإمارات العربية المتحدة، (https://hhslawyers.com/ar/blog/%D8%A5%D8%AC%D8%B1%D8%A1%D8%A7%D8%AA-%D8%A7%D9%84%D8%AA%D9%88%D8%AC%D9%8A%D9%87-%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%B3%D8%B1%D9%8A/ )، دوایین سەردان (٢٠٢٦/٣/١٨).

resources
First: The Holy Qur'an and its commentary
1.Surah An-Nisa'
2.Surah Al-Hujrat
3.Nizamuddin Abdul Hamid, Tafseer Gulshan, Iswa Printing House, 1st Edition,
Second: Constitution, Laws and Guidelines:
1.Permanent Constitution of Iraq (2005.(
2.Iraqi Civil Code No. 40 of 1951, as amended.
3.Iraqi Penal Code No. 111 of 1969, as amended.
4.Principles of Criminal Procedure Law No. 23 of 1971, as amended.
5.The Egyptian Criminal Procedure Law No. 174 of
6.United Arab Emirates Personal Status Law No. 28 of
7.Law on Combating Domestic Violence No. 8 of
8.Guidelines for organizing the work of the Department of Family Counseling Centers in the Directorates for Combating Violence against Women No. (4) of (2018.(
9.Ministerial Decision No. 554, published on 7/9/2021, in addition to the Asri Directive Bill, this Ministerial Decision was published in the Official Gazette No.
10.Ministerial Decision No. 205, published on 18/3/2022, after documenting the behavior of the detained immigrants, this ministerial decree in the official newspaper issue No.
11.Egyptian Criminal Procedure Law No. 174 of

Master's and Doctoral Thesis :
1.Amani Muhammad Abdulrahman Al-Masa'id, Restorative Justice: The Modern Concept of Juvenile Criminal Justice – A Comparative Analytical Study, Master's Thesis, Birzeit University, Faculty of Law and Public Administration, Palestine, 2014.
2.Samira Khazroun, Restorative Justice in Family Crimes, Doctoral Dissertation, Faculty of Legal, Economic, and Social Sciences, Sidi Mohamed Ben Abdellah University, Kingdom of Morocco, 2021.

Magazines :
1.Dr. Khaled Jamal Hamed Abdelshafi, Criminal Reconciliation in Crimes of Assault Against Persons and Property – A Comparative Analytical Study, Al-Qadisiyah Journal of Law and Political Science, Part (1) – Issue (2), Volume (16), Al-Qadisiyah University, 2025.

2.Prof. Dr. Zainab Ahmed Awain and Elham Ibrahim Hussein, The System of Criminal Reconciliation in Traffic Offenses According to the Iraqi Traffic Law No. (8) of (2019) – A Comparative Study, Journal of the College of Law, Al-Nahrain University, Volume (24), Issue (4), 2022.
3.M. Samia Abdul-Razzaq Khalaf, Restorative Justice in Juvenile Justice – A Comparative Study, Basra Studies Journal, a scientific journal issued by the University of Basra, Nineteenth Year, Issue (52), 2024.
4.Shatha Mohammed Hussein and Assistant Professor Dr. Aziz Sami Hussein, The Impact of Criminal Reconciliation on the Victim – A Comparative Study, Ashur Journal of Legal and Political Sciences, Volume (2), Issue (3), Iraqi Association for Legal Sciences, 2025.
5. Sanaa Chenine and Slimane Nahoui, "The System of Criminal Reconciliation in Algerian Criminal Legislation," *Dafatir al-Siyasiya wa al-Qanun* (Political and Legal Notebooks), an international peer-reviewed journal published by the Faculty of Law and Political Science at Kasdi Merbah University of Ouargla, Algeria, Volume 13, Issue 2, 2021.
6.Alaa Abdel-Sada Gouda and Hussein Abdel-Sahib Abdel-Karim, "Alternatives to Criminal Prosecution in Iraqi Legislation – Criminal Reconciliation as a Model," *Ikleel Journal of Human Studies*, Volume 6, Issue 3, Part 3, 2025.
7.Fatima Zahra Lakhdari and Khayra Taleb, "The Role of Restorative Justice in Achieving Sustainable Development Goals," *Al-Fikr al-Qanuni wa al-Siyasi* (Legal and Political Thought), Faculty of Law and Political Science, Amar Telidji University of Laghouat, Volume 6, Issue 2, Algeria, 2022.
8.Dr. Maitham Faleh Hussein, Ways to Develop Restorative Justice in Iraqi Criminal Legislation - A Comparative Study, Iraqi University Journal, Issue (501 Part 1), 2021.
9.. P.D. Najat Muhammad Faraj and Basis Abdel Karim Ahmed, the text of the world Soleimani, Gevari Zankichi Soleimani, Bergi (23), Film (2), 2022.
Electronic resources :
１. Sabah Ghazi Daadoush and Jumaa Abd Daoud, Provisions of the Conciliation Contract in the Iraqi Civil Law, 2012, a summary of the text published by an Iraqi father: ( https://www.sjc.iq/upload/pdf/%D8%A8%D8%AD%D8%AB%20%D8%A8%D8%B9%D9%86%D9
%88%D8%A7%D9%86%20%D8%B9%D9%82%D8%AF%20%D8%A7%D9%84%D8%B5%D9%84%D8%AD.pdf ) Dwayne Sardan (10/2/2026).

2. Sardan's collections (2/25/2026).
3. Judge Nasser Imran, Restorative Justice, Iraqi Supreme Judicial Council website (https://www.sjc.iq/view.3697/), Dwayne Sardan (3/28/2026).
4. Text of the draft law against domestic violence sent by the Presidency of the Republic to the House of Representatives, 9/16/2029, Iraq Secretariat Report, (https://presidency.iq/Details.aspx?id=8355), Dwayne Sardan (3/18/2026).
5. Basic principles for the use of restorative justice programs in criminal matters, adopted and made public by Economic and Social Council Resolution No. 2002/12, dated 24 July 2002, (https://digitallibrary.un.org/record/469889?ln=en&v=pdf).
6. Overview of Restorative Justice Processes (https://www.unodc.org/e4j/ar/crime-prevention-criminal-justice/module-8/key-issues/2--overview-of-restorative-justice-processes.html#:~:text=%D9%8A%D8%B3%D9%85%D8%AD%20%D8%B9%D9%82%D8%AF%20%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%A4%D8%AA%D9%85%D8%B1%D8%A7%D8%AA%20%D9%84%D8%A3%D8%B3%D8%B1%D8%A9%20%D8%A7%D9%84%D8%B4%D8%A7%D8%A8%D8%8C%20%D9%88%D9%83%D8%B0%D9%84%D9%83%20%D8%A7%D9%84%D8%B6%D8%AD%D9%8A%D8%A9%20%D9%88%D9%85%D8%A4%D9%8A%D8%AF%D9%8A%D9%87%D9%85%D8%8C%20%D8%A8%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%B4%D8%A7%D8%B1%D9%83%D8%A9%20%D8%A8%D9%86%D8%B4%D8%A7%D8%B7%20%D9%81%D9%8A%20%D8%B9%D9%85%D9%84%D9%8A%D8%A9%20%D8%B5%D9%86%D8%B9%20%D8%A7%D9%84%D9%82%D8%B1%D8%A7%D8%B1.&text=%D9%87%D9%86%D8%A7%D9%83%20%D8%AA%D8%A8%D8%A7%D9%8A%D9%86%20%D9%83%D8%A8%D9%8A%D8%B1%20%D9%81%D9%8A%20%D8%AA%D9%86%D9%81%D9%8A%D8%B0%20%D8%B9%D9%85%D9%84%D9%8A%D8%A7%D8%AA%20%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%AF%D8%A7%D9%84%D8%A9%20%D8%A7%D9%84%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D9%84%D8%AD%D9%8A%D8%A9%20%D9%81%D9%8A%20%D8%AC%D9%85%D9%8A%D8%B9%20%D8%A3%D9%86%D8%AD%D8%A7%D8%A1 ) Dwayne Sardan (2/27/2026).
7. Family guidance procedures in the United Arab Emirates, https://hhslawyers.com/ar/blog/%D8%A5%D8%AC%D8%B1%D8%A1



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

%D8%A7%D8%AA-%D8%A7
%D9%84%D8%AA%D9%88%D8%AC%D9%8A%D9%87-
%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%B3%D8%B1%D9%8A/ ), Dwayne Sardan (3/18/2026).